# کەری زێڕین؟!

هاوڕێ باخەوان

٢٠٠٣-٠٦-٠٨

"کەری زێڕین"، ئەمە ناوی ئەو خەڵاتەیە کە ساڵانە لە هۆڵندا بەهۆی بەرنامەی بەناوبانگی "Kopspijker – سەرەبزمار"ی کەناڵی VARA – فاڕای هۆڵنداوە دەدرێتە کەسێك.

خەڵاتەکە بریتییە لە پەیکەرێکی بچووکی کەر کە بە ئاوی زێڕ رووپۆشکراوە. بەرنامەی سەرەبزمار کاری ئەوەیە کە هەرچی هەڵە و پۆرتێك کە کەسێکی سیاسەتمەدار، نووسەر، هونەرمەند و هتد هەیە بخاتە روو و ئەو هەڵە و پۆرتانە ساڵانە دەخرێنە هەڵبژاردنەوە و جەماوەری بەشداربووی بەرنامەکە بڕیار لەسەر خراپترین قسە یان پۆرت دەدەن و پاشان خەڵاتی کەری زێڕین بەدیاری دەبرێت بۆ خاوەن پۆرت، یان ئەو کەسەی کە قسە خراپە دوور لە ڕاستییەکەی کردووە.

ڕۆژی ٠٧-٠٦-٢٠٠٣ خەڵاتی کەری زێڕین بەزۆرینەی دەنگ درایە گۆرانیبێژ "ئێدی ڤالی"، نێوبراو بەوە ناوبانگی خۆیی دەرکردووە کە بەشێوەیەکی زیندوو نەبێت گۆرانی ناڵێت، بەڵام لەڕاستیدا زۆربەی گۆرانییەکانی دۆبلاژە و ئەمە بووە هۆی ئەوەی خەڵاتی کەری زێڕینی پێ ببەخشرێت. چونکە ئەم ناوبانگەی درۆیە و دوورە لە ڕاستییەوە. .

بەداخەوە بەرنامەی سەرەبزمار ئاگاداریی تەواوی لە ڕووداوەکانی خۆرهەڵاتی نێوین نییە، دەنا دەبووایە زۆرینەی کەرە زێڕینەکان لەوێ ببەخشرایەتەوە. هەربۆیە بەوە بەرنامەی سەرە بزمار بەگشتی ناهەقیی گەورەی بەرامبەر سیاسەتمەداران و کەسانێکی زۆری خۆرهەڵاتی کردووە و بەتایبەتی بەرامبەر نووسەری عەرەب "عەبدولباری عەتوان".

عەبدولباری عەتوان دەبووایە خەڵاتی کەری زێڕینی ٢٠٠٣ی پێببەخشرایە، چونکە لە وەڵامی ئەو نامانەی کە هەر لەم هەفتەیەدا بەهۆی ماڵپەڕی کوردستان نێتەوە سەدان کورد ئاڕاستەی کەناڵە عەرەبییە شۆڤێنییەکان و ڕۆژنامەی شۆڤێنیی "القدس" کراوە و تێیدا نارەزایی لە شێواندنی ڕاستییەکان و پشتگیریکردنی داگیرکەری بەعس و زۆریتری تێدا خراوەتە ڕوو.

. . عەبدولباری عەتوان دەڵێت:

". . . سوپاس بۆ خوا دۆزەکەتان لەمەودوا پێویستی بە یارمەتیدان نییە، چونکە ئێوە ئامریکییەکانتان هەیە و چیشتان دەوێت لەوە زۆرتر کە زەویی خەڵکی تر داگیردەکەن و لە ماڵەکانی خۆیاندا دەریاندەکەن. . . . ".

عەبدولباری عەتوان مەبەستی زەویی خەڵکی تر، ئەو زەوییانەیە کە عەرەبەکان لە هەنگاوی بەعەرەباندنی کوردستاندا لە کوردیان زەوت کردووە و ئێستا کورد لێیاندەستێنێتەوە و بەکارێکی نارەوای دەزانێت.

ئایا ئەمە یەکەم کەسێك نییە کە لەم ساڵی ٢٠٠٣یەدا دەبووایە خەڵاتی کەری زێڕینی وەربگرتایە؟!.

تێبینی: ئەم نووسینە بەزمانی عەرەبی بۆ خودی "عەبدولباری عەتوان" ڕەوانە دەکرێت.

http://www. bakhawan. com
hawreh@bakhawan. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.